Kurdocide Watch CHAK Çawdêrî Kurdosayd

www.kurdocide.com

**Kurdocide Watch focuses on genocide and human right matters in Kurdistan**

Former Center of Halabja against Anfal and Genocide of the Kurds - CHAK

# ناوەندی چاك: لە ڕۆژی گۆڕە بە كۆمەڵەكانی عێراقدا (١٦-٥) , داوای ئاشكراكردنی گۆڕە بە كۆمەڵەكەی ڕۆژی ١٦-٥-١٩٩٧ ی شاری هەولێر دەكەین

**گۆڕە بە كۆمەڵەكان ئاكام و ئەنجامی سیاسەتی فاشیانەی ڕژێمی دڕندەی بەعسە بەرامبەر بە خەڵكی عێراق بە گشتی وە خەڵكی كوردستان بە تایبەتی , كوشتنی بە كۆمەڵ و شاردنەوەیان بۆ ئاشكرانەبوونی تاوانەكانی , سیمای دڕندەیی ئەو ڕژێمەن ,گۆڕە بە كۆمەڵەكان ئەنجامی كۆمەڵێك تاوانن لە عێراقدا هەر بەشەیان دەچنە چوارچێوەیەكی یاسایی تاوانە مەزنەكانەوە .**

**هاوكات نابێت لە یادمان بچێت لە بەرواری ١٦-٥-١٩٩٧ دا لە شاری هەولێر , دور لە هەموو پیوەرێكی مرۆڤانە و كوردانە , غافڵگیرانە بە داواكاری و فیتی داگیركەرانی كوردستان , لە لایەن هێزەكانی پارتی دیموكراتی كوردستانەوە , هێرشكرایە سەر بارەگاكانی یەكێتی نەتەوەیی و ڕۆژنامەی وڵات و تیپی میزۆپۆتامیا و خاچی سوری كوردستان و .. لە ئاكامی ئەو هێرشانەدا لەو ڕۆژوە بۆ ئیستا زیاتر لە ٧٠ هاووڵاتی كورد لە ڕۆژنامەنووس و هونەرمەندان و كەمئەندامانی شەڕ و .... بێسەرو شوێنن .تا هەنووكە چەندین جار كەسوكاریان چونەتە بەردەم پەرلەمان و داوای ئاشكراكردنی چارەنووسی ڕۆڵەكانیان كردووە , وەلێ مخابن تاكو ئێستا هەر بێ وەڵامن .**

**ئێمە لێرەدا لە ڕۆژی گۆڕە بە كۆمەڵەكانی عێراقدا , وێڕای ئەوەی بە توندی ڕەخنەی نەهێنانەوەی ئێسك و پروسكی ئەنفالكراوانمان دەگرین , هاوكات داواكارین :**

**- گۆڕی بە كۆمەڵی قوربانیانی ١٦-٥-١٩٩٧ی هە ولیر ئاشكرا بكرێن .**

**- قوربانیانی ئەو تاوانە وەك شەهید بناسرێن و هەموو ئیمتیازێكی شەهیدانەیان پێبدرێت .**

**چاودێری كوردۆساید ناسراو بە چاك لە ٦ - ١- ٢٠٠٢ وەكو كەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال لە دایكبوو, پاشان لە ٢٠٠٢ دا ناوەكە گۆرا بۆ ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالكردن و جینۆسایدی گەلی كورد - چاك , لە ٢٤ - ١- ٢٠٠٩ دا ئەم ناوەی ئێستای وەرگرت.**

**-چارەنووسی هەموو بێسەروشوێنکراوەکانی شەڕی ناوخۆیی و ململانی سیاسییە کان کوردستان ئاشکرا بکرێن لە لایەن هەموو ئەو لایەنانەی گلاونەتە ئە و جۆرە تاوانانە وە بە تایبەتی ( پارتی و یەکێتی و بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان ).**
**- داوای لیبۆردن لە کە سوکاری بیسە روشوینکراوان بکریت و تاوانکارانی ئەو تاوانانە دادگایی بکرین.**

## چاودێری کوردۆساید-چاك

**Kurdocide Watch**
**13-5-2011**


www.kurdocide.com
www.kurdocidewatch.net
kurdocide@hotmail.com


چاودێری کوردۆساید ڕێکخراوێکی سیڤیلی سوود نەویستی سەربەخۆیە، بە پابەندبوون بە پرەنسیپ و پێوەرە دیموکراتییەکان، کارەکانی خۆی لەسەر پرسەکانی تاوانەکانی ژینۆساید و جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و هەموو ئەو پێشێلکارییانەی بەرامبەر بە مافی مرۆڤی کوردستان کراون و دەکرێن بەڕێوە دەبات. ،لە ٦-١-٢٠٠٢ دامەزراوە ، لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا و هەموو پارچەکانی کوردستان لق و کۆمیتەی هەیە ، ،پێشتر لە ژێر ناوی(**ناوەندی هەڵەبجە دژ بەئەنفالـکردنو جینۆسایدی گەلی کـورد- چاك** )کاری دەکرد، لە بەرواری ٢٤-١-٢٠٠٩ ئەم ناوەی وەرگرت ,تا ئێستا سێ کۆنگرەی بەستووە,ساڵانە سەدان چالاکی ئەنجامە دات .

چاودێری کوردۆساید ناسراو بە چاك لە ٦ - ١ - ٢٠٠٢ وەکو کەمپینی هەڵەبجە و ئەنفال لە دایکبوو, پاشان لە ٢٠٠٢ دا ناوەکە گۆرا بۆ ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد - چاك , لە ٢٤ - ١ - ٢٠٠٩ دا ئەم ناوەی ئێستای وەرگرت.